## ڕاگەیاندراوێک:

# "پشتگیریم لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس"

-----------------------------------------

دوای ماوەیەکی زۆر لە دودڵی و چاوەڕوانی، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنەکەی بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی و چوونە ناو حکومەت، بڕیاری کۆتایی خۆم دا کە چیتر لە دور و نزیکەوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، پشتگیری بزوتنەوەی گۆڕان نەکەم.

هەر بۆ بیرهێنانەوە، کۆتا پشتگیریم لەو بزووتنەوەیە بە پەیوەندی لەگەل هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی پەرلەمانی کوردستان بوو، کە لە وتارێکمدا لە بەرواری ٢٠١٨/٩/١٩دا بە ناوی *هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕیانێکی چارەنووسساز: تونێلێکی تاریکتر یا ترووسکاییێکی هیوابەخش*، بڵاوم کردەوە. بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئەم ڕاگەیاندراوە بە روونی بگات وە باشتر ئامانج بپێکێ، دەخوازم رگەیاندراوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەمەوە:

**یەکەم**

ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، خواستێک هەبوو لە لایەن بەشیک لە گۆڕانخوازان کە سەردانی گردی زەرگەتە و بە تایبەتی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا بکەم. بەڵام کاردانەوەی بەندە لەمەڕ ئەم خواستە ئەوە بوو کە خۆم هەر زوو بڕیارم داوە وە بە تەواوی هوشیاری خۆم سەردانی نەشیروان مستەفا بکەم و دەستی ماندوبوونی بگوشم، پیرۆزبایی ڕاگەیاندنی لیستەکەی لێ بکەم و **تەنانەت پشتگیری خۆمی پێ ڕابگەیەنم.** ئەم هەڵوێستەی بەندە، هەر لە سەرەتاوە، متمانەیەکی قوڵ و جێگیر و بەهێزی لە نێوان نەوشیروان مستەفا و زۆرێک لە گۆڕانخوازان لە لایەک وە بەندە لە لایەکی دیکەوە بەرجەستەکرد.

بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی لە ١٩٩٢دا، بەردەوام دەنگێکی ڕەخنەگر بووم و بۆچونی خۆشم هەبووە لەمەڕ چارەسەرەکان. بە هەر حاڵ، وا دەزانم ئەم چیرۆکە دەربارەی هەڵوێستەکانی بەندە بەر لە ٢٠٠٩ بۆ زۆرێک لە خوێنەرانی ئەم ڕاگەیاندراوە زانراوە. لەبەر ئەوە دەتوانم بە ئاسانی و بە ویژدانێکی زیندووەوە بڵێم کە بەندە هەر لە سەرەتاوە، واتە هەر لە (١٩٩٢)ەوە تێبینی جدیم لەسەر ئەم دەسەڵاتە هەبوو وە هەر لە سەرەتاشەوە دەنگێکی ئۆپۆزیسیۆن بوم. لە ڕاستیدا هەر لە ڕۆژی یەکەمی هەڵبژاردەنەکانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ لە سیمینارێکدا، کە لەسەر بانگهێشتی بەندە ڕێکخرا بوو لە شاری لوند-سوید، وتم " نە ئاشتی و هاوپەیمانییەکانی یەکێتی و پارتی لەگەڵ یەکتر وە نە شەڕەکانیان بەرامبەر یەکتر بە کەڵکی کورد نایەن." واتە هەر لە سەرەتاوە لەو کەسانە نەبووم کە خۆشبین بوون بە دامەزرانی ئەم دەسەڵاتە، بەڵکو تەنانەت زۆریش ڕەشبین بووم. . . هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش، دوودڵ نەبووم لە داخستنی هەر دەرگایەک کە دەسەڵات ڕوو بە بەندە کردبێتیەوە.

زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی؛ ئەو کێشانەی دەسەڵاتی کوردی کە نەوشیروان مستەفا لە ناو یەکێتییەوە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی کوردییەوە دەیبینین و دەیخواست هەر لە ناوەوەدا (واتە لە ناو خۆی حزب و بە ڕێگای حزب) چارەسەریان بکات، بەندە شانبەشانی زۆریک لە نووسەران، ڕەوشەنبیران و دڵسۆزانی کورد لە دەرەوەی چوارچێوە حزبیەکاندا باسمان ئەکرد و بە پێی توانا کاریشمان (لە ڕێگای هەوڵ و پێشنیاری جۆرا و جۆر) بۆ چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەم کێشانە ئەکرد. هاتنەدەرەوەی نەوشێروان مستەفا لە یەکێتی نیشتمانی دوو بێهیوبوونی گەیاندە لوتکە و هەردووکیانیشی یەکانگیر کردن: بێهیوابوونێک لە ناو حزب (واتە لە ناو یەکێتی نیشتمانییەوە) وە یەکێکیشیان لە دەرەوەی حزب. بە واتایەکی دیکە دروستبوونی بزاڤی گۆڕان جۆرە "هاوپەیمانییێک" بوو لە نێوان دوو ڕەگەزی گرنگ: بێهیوابووەکان لە دەسەڵاتی کوردی کە لە قوڵایی مندالدانی حزب، واتە لە یەکێتی، دەرچوون لە لایەک، وە بێهیوابووەکانی دەرەوەی حزب لە لایەکی دیکەوە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی کێشە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەم هاوپەیمانییە لەبەر چاو بوون وە خۆشم هەر زوو لە وتارێکمدا بە

ناونیشانی "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەرووی داهاتوو" ئاماژەم بە کۆمەڵێک ئالنگاری بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان کردبوو، کە یەکێکیان پەیوەندی نێوان ئەو دوو رەگەزە سەرەکییە بوو کە گۆڕانیان پێکدەهێنا، واتە ئەوانەی کە لە یەکێتی جیاببوونەوە وە ئەوانەی کە لە دەرەوەی حزب بوون و هیچ وابەستەیییەکی حزبییان نەبوو.[1] تا نەوشیروان مستەفا لە ژیاندا مابوو کێشەکانی نێوان ئەو دوو رەگەزە، ئەگەر بە تەواوەتی چارەسەریش نەکرابن، ئەوا بێگومان بە کاریگەری و لێهاتووی خۆی توانیبووی کۆنترۆڵی ئەم پەیوەندییە پڕ کێشە و ململانییە بکات، ئەگەر چی تەنانەت لە کاتی ئەویشدا ئەو کۆنترۆڵە سەد لە سەد نەبوو. بە هەر حاڵ دوایی دەرکەوت کە کێشە نەک هەر لە نێوان ئەوانە بوو کە لە لایەک لە حزب دەرچوبوون وە ئەوانەی لە لەیەکی دیکەوە لە دەرەوەی حزب بون، بەڵکو لە ناو رەگەزی حزبی و رەگەزی ناحزبیشدا کێشە و ململانێ سەری هەڵدا، بە تایبەتی دوای نەمانی رۆڵ و کاریگەری نەوشیروان مستەفا؛

## دووەم

لای هەندێک لە گۆڕانخوازان وە لە ئاستی بەرپرسیارێتی جیاجیادا، تەنانەت بەر لە کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفاش، هەستێک و نیگەرانییەک هەبوو کە یەکێک لە کێشەکان، کە دوای کۆچی دوایی ئەو سەرهەڵدەدات، خاوەندارێتی ئەو سەروەت و سامان و مولکە جێماوانە دەبێت، بە تایبەتی خاوەندارێتی گردی زەرگەتە. . . لە راستیدا زۆری نەبرد و هەر زوو، دوای سەفەری بێ گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، ئەم کێشەیەو رۆڵ و کاریگەری کوڕەکانی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا سەریان هەڵدا و بوون بە رەهەندێکی گرنگ لە ململانێکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان. بە هەر حاڵ، هەر زوو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم کێشەیە بوون بە راستییەک وە لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی زۆرێک لە گۆرانخوازان رەنگی دایەوە، وە تا ئێستاش ئەم حاڵەتە نەک هەر بەردەوامە بەڵکو تەنانەت لە تەشەنەبوون دایە. لەگەڵ ئەوەشی کە ئەم کێشانە و رەهەندە مەترسیدارەکانی بۆ بزاڤی گۆڕان رۆژ دوای رۆژ قوڵ دەبوونەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەنگاوی جددی نەهاوێژراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و رێگرتن لە ئەگەری ئەوەی ئەم کێشانە بزاڤەکە بەرەو هەڵدێرێکی کارسیەئامیز ببەن!

لەم بارەیەوە دەکرێ بە ئاسانی بڵێم کە بێوژدانییەکی زۆرە ئەگەر هەر زوو بوترێ بزاڤی گۆڕانیش بە دەردی پارتی و یەکێتی چوو، بەو مانایەی گۆڕانیش وەک ئەو دوو حزبە بە بنەماڵە کراوە. لە بەرامبەردا بە هەند وەرنەگرتنی نیگەرانییەکانی گۆڕانخوازان لەم بابەتەدا دەکرێ ببێتە هۆی پووکانەوەیەکی لەسەرخۆی ئەو بزووتنەوەیە. . . جێگای گومان نییە کە هەردوو حزبەکە

[1] بڕوانە د. بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەرووی داهاتوودا، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩" http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

(پارتی و یەکێتی) پێیان خۆشە، وە تەنانەت دەکرێ یەکەمیان (واتە پارتی) کاریش بکات، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بۆ ئەوەی گۆڕان ببێ بە حزبی بنەماڵە. . . بە ڕاشکاوی لە بارەی ئەم دەڵێم کە دەکرێ ئەم کێشانە (واتە کێشەی خاوەنداریەتی و ڕۆڵ و کاریگەری کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا، لە دوای کۆچی دوایی باوکیان)، لە شێوازی سێگۆشەیەکدا ببینرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ:

أ- پێویست بوو نەوشیروان مستەفا بەر لە کۆچی دوایی خۆی نەخشە ڕێگایەکی ڕوون و بێ پەناو پێچی جێهێشتایە بۆ بزووتنەوەکە و کوڕەکانی بۆ ئەوەی دوای خۆی بە پێی ئەو نەخشە ڕێگایە مامەڵە لە تەک کێشە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتی خاوەنداریەتی گردی زەرگەتە، بکرێ. دەکرێ لێرەدا، زۆر بە ڕاشکاوی، بپرسین ئایا، لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا لە ناو سەرکردە کوردەکان، تەنانەت لە تەواوی سەد ساڵی ڕابردوودا، هەرە وردبین، خوێندەوار و خاوەن ئەزموون بوو، بۆ نەخشە ڕێگایەکی ئەوهای بەجێ نەهێشت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە بێ سێ و دوو نەخشە ڕێگایەکی لەم جۆرە دەیتوانی باشترین خزمەتی **بە پێگە و مێژووی خۆی**، بە **کوڕەکانی** و **بە بزووتنەوەی گۆڕانیش** بکات؛ بەو مانایەی کە ئەم نەخشە ڕێگایە دەبووە زامنێکی هەرە بەهێز بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانی ئەو کێشانەی کە دوای کۆچی دوایی ئەو لەم بارەیەوە سەریان هەڵداوە. لە کاتێکدا من زانیاری وردم لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە زیاتر بڵێم، بەڵام بێ گومان ئەو دۆخەی کە لەمەڕ ئەم کێشانە لە گۆڕێیە و نەبوونی ئیرادە و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەرکردنیان هۆکارێکی گرنگە بۆ هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆم؛ واتە بڕیاری "پشتگیری لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس"؛

ب- پێویست بوو کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا لە ماوەی ڕابردوودا بە جددیتر لە مەسەلەی خاوەنداریەتی و ڕۆڵی سیاسییانەی خۆیان لە بزووتنەوەی گۆڕان نزیک بوونایەتەوە وە ئەم مەسالانەیان بۆ گۆڕانخوازان ڕوون بکردایەتەوە؛ بێ گومان هەنگاوێکی ئەوها خزمەتی بە پێگەی باوکیان و خۆیان ئەکرد، جگە لەوەش هەنگاوێکی لەم جۆرە هاوکار دەبوو بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو مەسافە پڕ کێشەیەی کە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا لە نێوان زۆرێک لە گۆڕانخوازان لە لایەک وە بزاڤی گۆڕان دروست بووە. . . شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە هەڵسوکەوتێکی ئەوها، بە گشتی، خزمەتێکی گەورەی بە بزاڤی گۆڕان دەکرد؛

ج- پێویست بوو بەرپرسانی ئێستای بزاڤی گۆڕان ئەم کێشەیەیان بە جددیتر ببینیایە وە بوێرانەتر و بە بڕیاری یەکلاکەرەوە چارەسەرێکی پێشنیار بکردایە کە لە توانایدا بێت لایەنەکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە و ببێتە سەرەتایەکیش بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان. بێ هەڵوێستی بەرپرسانی گۆڕان بەرامبەر ئەم مەسەلە گەرم و گرنگە نەک یاریدەدەر نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بزاڤی گۆڕان، بەڵکو بووەتە فاکتەرێک لە قوڵبوونەوەی کێشەکان و دواجار پوکانەوەی بزووتنەوەکە بەم هۆیەوە؛

**سێهەم**

هەر لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتەنوەی گۆڕان (سەرەتا وەک لیستێک و دواتریش وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی) هەموو دەروازەیەک کراوە بوو بۆ من بۆ وەرگرتنی پۆست و بینینی رۆڵی کاریگەر لە ئەرکە سیاسییەکانی بزووتنەوەکەدا، ئەمەش لەسەر بنچینەی متمانیەکی زۆر بە بەندە، بە تایبەتی لە لایەن رێکخەری گشتی بزووتنەوەکەوە. . لەم بارەیەوە هەر نەبێ ئاماژە بە سێ ئەزموون دەکەم کە تیایدا لەسەر بنچینەی متمانە لە لایەن بزووتنەکەوە وە لە بەرامبەریشدا خواستی خۆم بۆ پشتگیری کردنی بزاڤەکە: یەکەمیان کاندیدبوونم لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لە بەهاری ۲۰۱۰دا؛ دووەمیان وەرگرتنی پۆستی بەڕیوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ۲۰۱۵دا وە سێهەمیان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوری کوردستان هەر لە ۲۰۱۵دا.

لێرەدا بە شێوەی خاڵبەندی ئەم سێ ئەزموونە بە کورتی دەخەمە روو:

أ- ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی ناوی کاندیدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (۲۰۱۰) پێشنیارم پێکرا کە خۆم (وەک کەسێکی سەربەخۆ) کاندید بکەم لەسەر لیستی گۆڕان لەسەر پارێزگای دهۆک؛ هەرچەندە ئێستاش نازانم بۆ لەسەر پارێزگای دهۆک نەک لەسەر پارێزگای هەولێر. ئەم مەسەلەیە لە باشترین حاڵەتدا تا ئێستاش **وەک مەتەڵ** ماوەتەوە! چونکە راستییەکەی من خۆم پێم باش بوو لەسەر پارێزگای هەولێر، بە تایبەتی ناوچەی سۆران، خۆم کاندید بکردایە چونکە کاتی خۆی زیاتر لە بیست ساڵ (لە کۆتایی ۱۹۵۰کان تا سەرەتای ۱۹۸۰کان) لەم ناوچەیە ژیاوم. بە هەر حاڵ، چونکە بە لای منەوە مەبەست لە کاندیدبووم زیاتر بۆ پشتگیری بزاڤی گۆڕان و تەحەددا کردنی دەسەڵات بوو، زۆر پێداگریم لەسەر ئەوە نەکردەوە کە **یا کاندیدبوون لەسەر پارێزگای هەولێر یا خۆکاندیدنەکردن**! جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە پێشنیاری کاندیدبوونم سەرەتا لە هەندێک لە ئەنجومەنەکانی گۆڕان لە تاراوگەوە، بە تایبەتی ئەنجومەنی گۆڕان لە شاری یۆتۆبۆری-سوید، سەری هەڵدا. . بە هەر حاڵ لەگەڵ دودڵی و کەمی کاتیش بۆ بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی بڕیاری قەبوڵکردنم بۆ کاندیدبوونم، بەڵام دواجار پێشنیارەکەم بۆ کاندیدبوون قەبوڵ کرد!

وەک پێشتر وترا، ئەم کاندیدبوونە دوو دیوی هەبوو، لە لایەکەوە دەربڕی متمانەیەکی زۆر بوو بە بەندە لە لایەن نەوشیروان مستەفا وە زۆرێک لە گۆڕانخوازان، بەڵام بە دیوەکەی دیکەیدا قەبووڵکردنی کاندیدبوون دەربڕی متمانەم بوو بە بزاڤەکە، بە تایبەتی رێکخەری گشتی بزاڤەکە.

کاندیدبوونم بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەک سەرۆک لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک، لە تۆماری سیاسی خۆمدا زۆر پڕ کێشە بوو، چونکە هەر لە رۆژانی هەوەڵی کەوتنی رژێمی سەددامەوە، لە بەهاری ۲۰۳دا، بەندە یەکێک بووم لەوانەی دژی ئەوە بووم کە کورد بە ئاسانی بچێتە ژێر باری زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عێراق وە هەر لەم ئاراستەیەشدا لەو کاتەدا زۆر

بابەتم نووسیوە وە جگە لەوەش بە کردار یەکێک بووم لە چالاکانی بزووتنەوەی ریفراندۆم کە هەر زوو دوای رووخانی رژێم سەریهەڵدا. دەتوانم بە ئاسانی ئەو هەڵوێستەم بە رستەیەک کورت بکەمەوە کە هەر لە رۆژی هەوەڵی کەوتنی رژێمەوە وتوومە: "نابێ کورد بەشداری بکات لە دروستبوونەوەی دەوڵەتێک کە دواجار بچێ لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات." واتە کاندیدبوونم دژایەتییەکی جددی سیاسییەنەی تیا بوو: لە لایەک دژایەتی زیندوکردنەوەی دەوڵەتی عێراق وە لە لایەکی دیکەشەوە کاندیدبوون ساڵانێک دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەمان دەوڵی عێراقدا کە من لەگەڵ زیندوکردنەوەیدا نەبووم. هەر چەندە لە کاتی خۆیدا هەڵوێستی خۆم لە بارەی دژایەتی لە ناو مەسەلەی کاندیدبوونم روون کردۆتەوە کردۆتەوە،[2] وە بە رادەی یەکەم وتوومە کە کاندیدبوونم بەو رادەیەی کە گوزارەش بوو لە **پشتگیری بزووتنەوەی گۆڕان بە هەمان رادە دەربڕی خواستێکی ئەسڵیم نەبوو بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان عێراق**، بەڵام دیسان هەست دەکەم ئەم دژایەتییە لە هەڵوێستی مندا بۆتە بارگراناییەکی سیاسی بۆم. . .

گرنگە ئەوە بڵێم کە یەکێک لەو شتانەی کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە (واتە کاندیدبوونم بە رادەی یەکەم بۆ پشتگیری لە گۆڕان بو تا حەز و هەڵپەی بوون بە ئەندام لە پەرلەمانی عێراق) پشتڕاستدەکاتەوە، هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، کاندیدبوونم لەسەر پارێزگای دهۆک رەدنەکردەوە هەرچەندە ئەمزانی دەرفەتی دەرچونم لەوێ زۆر کەمە، یا تەنانەت هیچ رادەیەکیش لە دەرفەت بۆ دەرچوون بوونی نییە![3] هەڵبەتە ئێرە دەرفەت نییە بۆ ئەوەی زیار و وردتر لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام هەر ئێرەش دەرفەتە بۆ ئەوەی: هەر نەبێ داوای بووردن لەو کوردستانیانە بکەم کە ئەو کاتە لەو باوەڕەدا بوون، یا تەنانەت تا ئێستاش لەو باوەڕەدان، کە کاندیدبوونم هەڵەیەکی سیاسییانە بوو وە نەدەبوو روویبدایە. لە لایەکی دیکەوە سەرنەکەوتنم لە هەڵبژاردنەکان (هەرچەندە لەو هەڵبژاردانانەدا، بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، دەنگەکانی گۆڕان لە دەڤەری بادینان سەد لە سەد زیادیکرد) وە لەگەڵ بوونی تێبینی و دودڵییەکانی خۆشم لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەو هەموو متمانەیە، هەر لە ئاستی نەوشیروان مستەفا و هاورێکانی لە سەرەوە تا خوارترین ئاستی بەرپرسیارێتی و گۆڕانخوازی سادە لە بزاڤی گۆڕاندا، بەرز دەنرخێنم وە ئەو متمانەیە بەروەام ئەمانەتێکی پارێزراو بووە لای بەندە؛[4]

---

[2] بۆ باسێک لەم بارەیەوە بڕوانە، بۆ نمونە: د. بورهان یاسین، "تونێلێکی تاریک یا تروسکاییێکی هیوابەخش،" http://diplomaticmagazine.net/opinion/1172

[3] لە راستیدا لە بارەی ئەگەری سەرنەکەوتنم لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرێک لە هاورێیانی خۆم ئاگاداریان کردمەوە، بەڵام دیسان دەرچوون یا دەرنەچوون بەلامەوە گرنگ نەبوو بەڵکو کاندیدبوون وەک شێوازێکی ئامادەبوونی بە کردار بوو لە مەیدان بۆ پشتگیری لە بزاڤی گۆڕان نەک هەر پشتگیری لە ئاستی تیورییەوە.

[4] هەر بۆ بیرهێنانەوە نەک بۆ "موزایەدە و خۆهەڵکێشان" تێچوی بەشداری من لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠١٠دا زیاتر لە چوارسەد هەزار کرۆنی سویدی بوو، کە تەنانەت **یەک دانە دیناریش لەو تێچووە لە بزووتنەوەی گۆڕان وەرنەگیراوە.** بەشێک لەم تێچووە **شەش مانگ مۆڵەتی بێ موچەیە** لە کارەکەم لە سوید. . . گرنگە ئەوەش بڵێم کە نە لە رابردوودا داوای

ب– دووەم ئەزموون وەرگرتنی پۆستی بەڕیوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو، لە سەرەتای ٢٠١٥دا، بە پلەی راوێژکار.

جارێ بەر لە هەر شتێک ئەم پۆستە کە درا بە من بە رادەی یەکەم دەرەنجامی قەبوڵ و متمانەی نەوشیروان مستەفا و سەرۆکی پەرلەمان، د. یوسف محەمەد، بوو. لە لایەکی دیکەوە لە سەرەتاوە لەسەر ئەوە، لەگەڵ د. یوسف محمەد، کۆک بووین کە ئەم پۆستە ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو پۆستەکە تەنها پێگە و ئێستەگەیەکی کاتییە بۆ قۆناغێکی دواتر کە ئەویش دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نیشتمانی بوو بە ناوی **سەنتەری توێژینەوە ستراتیژی کوردستان**[5] بە پاڵپشتی پەرلەمانی کوردستان و لە ڕێگای یاسایەکەوە، بۆ ئەوەی دواتر تەنها بە یاسا و بە هێزی پەرلەمان ئەو سەنتەرە هەڵوەشێتەوە یا گۆرانکاری بەسەردا بێت، نەک بە هەوەسی ئەو یا ئەم لە دەسەڵاتداران. بە مانایەکی دیکە دامەزراندنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی پشت ئەستور بە یاسا و هێزی پەرلەمان دەیتوانی ئەم دامەزراوەیە بکا بە دەزگایەکی نیشتمانی راستەقینە و لە دەرەوەی کاریگەریە نێگەتیڤەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار و ململانێ نێگەتیڤەکانی نێوان هێزە سیاسییەکاندا بێت. . . بە هەر حاڵ چیرۆکی من لەم سەنتەرە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دەست پێدەکات و لە ١٢ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ (واتە بە پەیوەندی لەگەڵ کودەتاکەی ئەو مێژووە) کۆتایی هات.

لێرەدا مەبەست نییە باسی ئەو ماوەیەم لە سەنتەر بکەم وە دەستکەوتەکانی ئەم ماوەیە بۆ پەرلەمان چی بووە، بەو هیوایەی خەڵکانی تر بتوانن بە نووسین ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە! لە لایەکی دیکەوە، زۆر گرنگە ئەوە بیر خوێنەری ئەم راگەیاندراوە بهێنمەوە کە لە قەبووڵکردنی ئەم پۆستە من سێ مەرجم هەبوو، بە تایبەتی ئەمە لە ڕێگای گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ئەو کاتە د. یوسف محەمەد ساغکراوەتەوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە: ١) ئەگەر هەر بەڕێزێکی دیکە چاوی لەسەر ئەم پۆستەیە ئەوا بێ سێ و دوو پۆستەکە بۆ ئەو بەڕێزە جێ دەڵێم و من هەر لە سەرەتادا وەریناگرم؛ ٢) کە ئەم پۆستە وەرئەگرم لەبەر ئەوە نییە بێ کارم وە دوای کار ئەگەڕێم، بەڵکو من لە یەکێک لە زانکۆ هەرە پێشکەوتووەکانی سوید مامۆستام و

---

هیچ قەرەبوویەکم لە گۆڕان کردووە، نە ئێستا و نە لە داهاتوشدا ئەو داوایە دەکەم؛ هەر لە ئێستاشەوە هەموو دەرگایەک داخراوە بە رووی گۆڕاندا کە لەم بارەیە باسێک لەگەڵمدا بکاتەوە. لە کاتێک ئەم سەربوردەیە دەگێڕمەوە کە من بە راستگۆیی پێم وایە هەموو ئەو تێچووەی بەشداریم لە هەڵبژاردنەکانی ناوبراو هێشتان کەمترە لەو دە هەزار دینارەی کە کرێکارێک، لە کۆی ئەو پانزە هەزار دینارەی لە رۆژێکدا دەستی کەوتوە، دوای کارەکەی هاتۆتە گردی زەرگەتە و پێشەکەشی بە گۆڕان کردووە، وەک بەشداریەک لە هەڵمەتی هەمان هەڵبژاردندا. . . ئەم تێچووەی من، بە تەوازوع و باوەڕی تەواوەوە دەڵێم، هیچ نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەو باجەی کە نانبڕاوێکی گۆڕانخواز (تۆ بڵێ لە جۆری هێمن بنەسلاوەی) داویەتی، تەنها لەبەر ئەوەی دەنگی بە گۆڕان داوە یا بە رەخنەیەک باسی لە نەهامەتییەکانی خەڵک کردووە!

[5] هەر بۆ بیرهێنانەوە بیرۆکەی دامەزراندنی سەنتەرێک ئەوها وەک پێداویستییێکی گرنگ لە بەدامەزراوەکردنی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سیاسەتکردن بە گشتی لە چەرخی دەوڵەتی مۆدێرندا لای خۆم هەر نەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە ئەو کاتە لە بابەتێکمدا بە ناوی "کوردستان لە سیستمی نوێی جیهانیدا" باسی ئەم بیرۆکەیەم کردووە وە دواتریش بەردەوام کارم بۆ کردووە.

پێویستم بەوە نییە دوای کارێکی دیکە بگەڕێم؛ ٣) ئەم پۆستە تەنها وێستگەیەکی کاتی دەبێ بۆ مەبەست و ئامانجێکی گەورەتر، کە ئەویش دامەزراندنی دەزگایەکی نیشتمانییە بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، پشتئەستور بە یاسا و هێز و دەسەڵاتی پەرلەمان.

بە هەر حاڵ دوای کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ و گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی هەر زوو یەکێک لە بڕیارەکانی دیوانی پەرلەمانە "داگیرکراوەکە" فەسڵکردنی من بوو، وە دوای ماوەیەکی کەمیش بڕیاری فەسلی دووەمم دەرچوو، بەڵام ئەمجارەیان بە ئیمزای جەعفەر ئێمینکی: واتە دوو بڕیاری فەسل لە ماوەیەکی کەمدا! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دواتر هەمان ئەو دەسەڵاتەی پارتی داوای دەست لەکار کێشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕانی قەبووڵ نەکرد!

لەبەر ئەوەی من دژی ئەوە بووم گۆڕان بچێتە ناو حکومەت وە لەم باەرەیەشەوە بە نامەی تایبەتی و بە وتار هەڵوێستی خۆم روون و ئاشکرا خستۆتە روو، بە لامەوە نەنگی بووە کە پێداگری بکەم لە گەڕانەوە ئەو پۆستە بۆم. وە رشکاوانەش دەڵیم: لە نامەیەکی پێشترمدا بۆ د. یوسف محەمەد داوامکردووە کە، لەبەر ئەوەی سەنتەری توێژینەوە جێگایەکی گرنگە لە پەرلەماندا وە مافی گۆڕانە کە بەڕێوەبەرایەتی ئەم شوێنە وەربگرێتەوە، گرنگە گۆڕان مشوری ئەوە بخوا کەسێکی گونجاو لەو شوێنە دابنێ، ئەگەر چی بە مافی خۆمی دەزانم داوای ئەو جێگایە بکەم و بڕیاری بێبەشکردنم لەو پۆستە سزادانێکی سیاسییە و هیچی تر. لەبەر ئەوەش، لە لایەکی دیکەوە، تەنانەت هەوڵ نەدانی من بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە بە رێگای یاساوە، لەبەر دوودڵییێکی سیاسیی بووە، بە مانای ئەوەی نەخۆ هەر هەوڵێک لە منەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە بە هەڵپەکردن بۆ پۆست و پایە هەژماربکرێ! لە کۆتایی ئەم چیرۆکەشدا، واتە لە ئەزموونی دوەممدا، دیسان سوپاس بۆ ئەو متمانە جوانە!

ج- سێهەم ئەزموون، دیسان هەر لە ساڵی ٢٠١٥دا، پێشنیاری بزاڤی گۆڕان، بە تایبەتی بە جەختکردنەوە خواستی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بەوەی بەندە ببێ بە ئەندامی کۆمیتەی "نووسینەوەی" دەستوری کوردستان بوو. بەڵام هەر زوو، لە ماوەی کەمتر لە ١٢ کاتژمێر دوای بڵاو بوونەوەی ناوی ئەندامانی کۆمیتەکە، هەستم کرد هەڵەم کردووە لە وەرگرتنی ئەم ئەرکە، لەبەر دوو هۆ: ١) من بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان بووم وە بەشداریکردنم بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستور دەکەوتە دژایەتییەوە لەگەڵ پێگەم وەک بەڕیوەبەری سەنتەری توێژینەوە: سەنتەری توێژینەوە هی هەموو فراکسیۆن و هێزە بەشداربووەکانی پەرلەمان بوو، وە پێویست بوو ئەم رۆڵ و پێگەیەی "هەموان" بپارێزم وە نەیخەمە ژێر کاریگەری هیچ رۆڵ و هەڵوێستێکی دیکەم؛ ٢) بە لامەوە باشتر بوو گۆڕان کەسێکی تایبەتمەند بە یاسا (بە تایبەتی تایبەتمەند بە یاسای دەستوری) بۆ ئەو جێگایە، واتە بۆ جێگای من لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستور، پێشنیار بکات. . . لەبەر ئەم دوو هۆیە هەر لە ماوەی ٢٤ چوار کاتژمێردا دەستم لە کۆمیتەکە کێشایەوە، ئەگەر چی ئەو کاتە بە باش

نەزانرا نە کۆنفرانسی رۆژنامەوانی بکرێ وە نەش راگەیندراوێک لە بارەی خۆکێشانەوەم لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستور بڵاوبکرێتەوە! بە هەر حاڵ، دیسان سوپاس بۆ ئەو متمانە جوانەی کە لە پشت پێشنیارکردنم بوو بۆ کۆمیتەی نووسینەوەی دەستور.

لە دەرەنجامی ئەو سێ ئەزموونەی سەرەوە (أ، ب، ج) دەڵێم: دواجار لە ژیانی هەر سیاسییکدا متمانەی خەڵک پڕ بەهاترین شتە مرۆڤی سیاسی بەدەستی بهێنێ، چ جای ئەم متمانەیە هی خەڵکانێکی دلسۆز و نیشتمان پەروەر بێت. جوانترین ئاکاری سیاسیش، بە هەمان پێوەر، ئەوەیە کە مرۆڤی سیاسی و بەرپرس رێزی ئەم متمانەیە بگرێ، وەک ئەوەی ئەم متمانەیە ئەمانەتێکی هەرە گەورەیە لە ملیدا. . . لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، بە لای منەوە بەرزڕاگرتنی متمانەی خەڵک یەکێکە لە هەرە مەرجە سەرەتایی و گرنگەکانی **مۆراڵی سیاسی**. مرۆڤی سیاسی باشترە هەوڵ نەدات متمانەی ئەوانی دیکە بەدەستبهێنێ، ئەگەر بزانێ دواتر، بە هەر هۆکارێک بێت، ناتوانێ ئەم متمانەیە وەک ئەمانەتێکی پڕ بەها بپارێزێ! ئێستا دە ساڵ بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقی ٢٠١٠دا تێپەڕیوە و پێنج ساڵیش بەسەر دوو ئەزمونەکەی دیکەمدا تێپەڕیوە، تا ئێستا ئەو متمانەیە وەک ئەمانەت لای من پارێزراوە وە بەم رگەیاندراوە ئەو ئەمانەتە دەدەمەوە خاوەنەکانیان، ئەوەشی لە متمانەکە دەمێنێتەوە (کە هەر نەبێ لایەنە مەعنەوی و مۆراڵیەکەیەتی) دیسانەوە ئەمانەتە لە ملما، بە هیچ شێوەیەک تەراتێنی پێ ناکرێ و تا مردنیش راستگۆیانە دەیپارێزم؛

## چوارەم

بڕیاری کۆتایی بزووتنەوەی گۆڕان لەمەر ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧، کە بە ئاسانی دەکرێ پێی بێژین ریفراندۆمەکەی پارتی و مەسعود بارزانی، ناکارامە و پڕ کێشە بوو؛ لە راستیدا یەکێک بوو لەو هەنگاو و هەڵوێستانەی کە دواتر بە شێوازێکی کەمەرشکێن کاریگەری لەسەر گۆڕان هەبوو. هەر چەندە ئەمە دەرفەتێکی هەرە لەبار نییە کە بە دوور و درێژی لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام من لە کاتی بڕیاردانی بزووتنەوەی گۆڕانیش (لە دوا خولەکدا و بە پەلەپروزکێی، لە سەرپشککردنی گۆڕانخوازان چی دەکەن وە چۆن دەنگ دەدەن) باوەڕم وابوو کە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا پێویست بوو بڕیاری ئەوەش بدرێ کە سەرکردەکانی گۆڕان (بە تایبەتی هەردوو جڤاتەکە و خانەی راپەراندن، زۆر بە تایبەتیش رێکخەری گشتی) بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە دەنگدانی ریفراندۆمدا نەکەن. بەشداری نەکردنێکی ئەوهای سەرکردایەتی بزووتنەوەکە بە هۆی دوو بەهانەی گرنگەوە دەبوو، کە: ١) ئەم دەنگنەدانەی سەرکردەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگی و بڕیاری سەربەخۆیانەی گۆڕانخوازانە؛ ٢) بۆ پاراستنی بۆچوونە سیاسییانەکەی گۆڕان دەبوو، کە بەڵێ لەبەر ئەوەی ئەم ریفراندۆمە **یاسایی نییە** و لە رووی **سیاسییشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە دەرهاوێشتەی کاریسەئامێزی لێ بکەوێتەوە**، ئەوا باشترین شێوە بۆ پاراستنی **ئەم هەڵوێستەی**

**بزووتنەوەکە** دەنگنەدانی سەرکردەکانیەتی، زۆر بە تایبەتیش دەنگنەدانی ڕێخەری گشتی بزووتنەوەکە![6]

## پێنجەم

لە کاتێکدا کۆتایی پشتگیریم لە بزاڤی گۆڕان ڕادەگەیەنم، ئەوە بە هیچ جۆرێک بە مانای ئەوە نایەت کە لە ئێستادا، یا تەنانەت لە داهاتوشدا، پشتگیری بکەم، لە هەر هەوڵ و پڕۆەیەک چ لە چوارچێوەی **کۆمەڵگای مەدەنی یا گۆمەڵگای سیاسیدا**. لە ئێستادا مەیدانی سیاسی باشووری کوردستان ئەو پەڕی شێواوە: خەڵک ماندو و بێزارە لە حزبە سیاسییەکان و بە تایبەتی لە سەرکردەکانیان، لە سیاسەتکردن بە شێوازە حزبی کلاسیکییەکەی و بێهیوابوونێکی کوشندەش باڵی بەسەر ئەو مەیدانەدا کێشاوە. ئەمە نەک تەنها کاریگەری لەسەر دۆخی دەرونی خەڵک، ڕوو لە سیاسەتکردن، کردووە، بەڵکو تەنانەت بۆ ماوەکی باشیش لە پێشمانەوە ئەم دۆخە نێگەتیڤە بەردەوام دەبێت. بە دیدی خۆم، وە بە تایبەتی لە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییەوە، دەستبردن بۆ دامەزراندنی هەر هێزێکی سیاسی نوێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هێزە سیاسییە نوێیە بخوازرێ لە هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان تێپەر بکات، ئەوا پێویستە سێ "سندوق"، یا سێ "کۆگا"، لەبەر چاو بگیرێ، وەک مەرجی دامەزراندنی هێزێکی سیاسی نوێ: ١) یەکێکیان کۆگای جەماوەرە، کەواتە کەرەسەی کۆمەڵایەتی؛ ٢) ئەوی دیکەیان کۆگای دەستەبژێر (نوخبە)یە؛ ٣) وە سێهەمیان کۆگای بیر و پڕۆژە سیاسییەکانە. . . بە کورتی و بە چڕی: لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هەر نەبێ سێ جار بە جددی دەست بۆ ئەم سێ کۆگایانە براوە، دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠٠٩دا؛ دواتریش دامەزراندنی نەوەی نوێ دامەزراندنی هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح. ئەم سێ دەستبردنە بۆ ئەو سێ کۆگایە کۆمەڵێک دەرهاوێشتە و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر باری دەرونی خەڵک، لە ڕووی حزبایەتی، متمانە بوون بە سیاسییەکان و سیاسەتکردن، هەبووە. جگە لەوەش ئەو باوەڕەی کە دەستەبژێرێک نەماوە تاقی نەکرابێتەوە و بیر و جیهانبینییێکی سیاسیش نەماوەتەوە ئەزموون نەکرابێ دوو فاکتەری نەرێنی دیکەن لە سەر ڕێگای هەر هەوڵێکی نوێ بۆ دەستبردن بۆ پڕۆژەی دامەزراندنی هێزێکی سیاسی نوێ لە باشوری کوردستان! لە ئاکامدا ئێمە لە باشوری کوردستان لەبەرامبەر ڕاستییێکی تاڵ داین: لە لایەکەوە بوونی دەنگێکی ناڕازی و بێهیوابوونێکی زۆر، نەک هەر لەسەر ئاستی شەقام و لە فەزای گشتیدا بەڵکو تەنانەت لە ناو حزبەکانیشدا، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ ڕێکخستنی هێزێکی سیاسی نوێ. ئەمە ئیشکالیەتێکی جدیە و چارەسەرکردنیشی بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی هێزێکی سیاسی نوێ، کە لە هەموو ئەوانی دیکە (بە پارتی و یەکێتیشەوە)

---

[6] هەر بۆ بیرهێنانەوە من و هاوڕێم د. سەردار عەزیز چەند مانگێک بەر لە ریفراندۆم کتێبێکمان بە ناوی *دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لە ناوەوە بونیادنان لە دەرەوە دانپیانان* بڵاوکردەوە، کە بە گرنگییەوە لە پێشەکی و کۆتای کتێبەکەدا بە وردی ئاماژەمان بە کێشە و "ئیشکالیاتی" ریفراندۆم داوە.

تێپەڕبکات، نەک هەر ئاسان نییە بەڵکو زۆریش ئاستەمە. بینا لەسەر ئەم بۆچوونە و زۆر هۆی تایبەتی، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنەم، لە هەموو شێوەیەکی کاری سیاسی ڕێکخراو دوور دەکەومەوە و ئەو کاتەی هەیە بۆ ژیانی ئەکادیمی تەرخان دەکەم، وە ئەمەش لە ئێستادا باشترین ڕێگای خزمەتکردنی خەڵک و وڵاتەکەمە. لە لایەکی دیکەوە، گەر چی دەزانم ئەمە بڕیار و بژاردەیەکی بێ کێشە و هەرە باش نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بژاردەی باشترم نییە، ئەوا ئەمەیان، هەر نەبێ لە ئێستادا، باشترینە؛

## شەشەم

دەکرێ هەندێک بەڕێز بڵێن بۆ ئەم ڕاگەیندراوە **لە ئێستادا**، هەندێکیشیان بپرسن بۆ زووتر **نا**، بەڵام هەندێکی دیکەشیان پێیان وابێ هێشتان زوو بوو بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوێستی دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پشتگیریم لە بزاڤی گۆڕان.

به هەر حاڵ، کێشەکە لەوەدایە کە دەکرێ هەرسێ بۆچوونەکە یا پرسیارەکە ڕەوا و ڕاست بن بەو مانایەش هەڵبژاردنی کاتی ئەم ڕاگەیاندنە هەموان ڕازی نەکات. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە ئەم ڕاگەیندراوە دەبوو لە ١٨ی فیبروەری ساڵی پار (٢٠١٩) دەربچێ، واتە لە بەرواری مۆرکردنی ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان و بڕیاری کۆتایی گۆڕان کە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ پارتی بچێتە ناو حکومەتەوە. من بە هەموو پێوەرێک دژی ئەو ڕێککەوتن و چوونە ناو حکومەتەوە بووم.[7] بەڵام دواخستنی ڕاگەیاندنی ئەم هەڵوێستەم دانی دەرفەتێکی دیکە بوو بە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی "دوو مانگ" لە حکومەتدا تەواو بکات بۆ زانینی نیەتی ڕاستەقینەی پارتی، یا شەش مانگ دەرفەت بە پارتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، یا تەنانەت شەش مانگی تریش دەرفەت لە هەمان ئاڕاستەدا. . . بەڵام ئێستا دەرکەوت کە ئەم هەموو چاوەڕوانییە (دوو مانگ، شەش مانگ و دیسان شەش مانگ) بێ ئاکام بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی

---

[7] بۆ بینینی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە هەڵوێستی خۆم لەمەر ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی و بوونی گۆڕان بە بەشێک لە حکومەت، بە تایبەتی بڕوانە سێ دانە لە بابەتەکانم:

١) هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕیانێکی چارەنووسساز: تونێلێکی تاریکتر یا تروسکاییێکی هیوابەخش، ٢٠١٨/٩/١٨. http://burhanyassin.com/Helbijardini%20Perleman%2030.9.2018.pdf

٢) د. بورهان یاسین، "تونێلێکی تاریک یا تروسکاییێکی هیوابەخش،" لە (*دیپلۆماتیک مەگەزین*)دا http://diplomaticmagazine.net/opinion/1172

٣) دواجار هەڵبژاردن کرا: ئەی ئێستا چی؟ ٢٠١٨/١٢/٢٧. http://burhanyassin.com/Dwacar%20helbijardin%20kira%202%2012.2018.pdf



٤) ٣٠ی حوزەیرانێکی دیکە بەڕێوەیە! ئەم وتارەم لە چەند سایتێکدا بڵاو بوویەوە. بڕوانە بۆ نموونە سپی میدیا، ٢٠١٩/٣/٢٥: http://www.speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=404&Jmare=4554

٥) ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕا ن لە ژێر هەڕەشەی جددیدایە! یەکڕیزی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لەبەردەم ئاڵنگارییێکی گەورەدایە، ٢٠١٩/٥/٢١. http://burhanyassin.com/Rekewtini%20Parti%20u%20Gorran%203.pdf

بەندە بەردەوام دروشمی "نەفەسدرێژی سیاسی" بە تایبەتی لە خەباتی مەدەنیدا دەڵێمەوە، پێویست بوو ئەم ساڵەش، لە مێژووی مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەوە، چاوەڕان بکەم.

پارتی ناڕاستگۆ بوو کاتێک، لە سەرەتای گفتوگۆکانی نێوان و خۆی و گۆڕان، شاندەکەی بە سەرکردایەتی نێچیرڤان بارزانی بە شاندی گۆڕانی وت "ئێمە و یەکێتی چاکسازیمان پێ ناکرێ، پێویستیمان بە ئێوەی گۆڕانە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن ئەم چاکسازییە بکەین." پێویست بوو خەڵکانێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا، کە بە تایبەتی ئەزموونی تاڵیان لەگەڵ ناڕاستگۆییەکانی پارتی هەبوو، هەرگیز باوەڕیان بەم قسەیەی نێچیرڤان بارزانی نەکردایە: ئەگەر بە راستی پارتی ئیرادەی چاکسازی هەیە ئەوا هەرگیز پێویستی بە ئەوانی دیکە نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییە، کەسیش دەستی نەگرتوون. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو حزبە خۆی ڕێگری سەرەکییە لە چاکسازیی، ئەوەی دەشمێنێتەوە تەنها و تەنها **موجامەلەیەکی سیاسییانەی** بێ بنەمای پارتییە، وە لە دیوی دیکەشدا **وەهمێکی سیاسییانەی** گۆڕانە، کە ئەویش دیسان هەر بێ بنەمایە. دواجار ئاسانیشە مرۆڤ بڵێت هەر سیاسەتێک لەسەر بنەمای **موجامەلە** و **وەهم** بونیادنرابێت چارەنووسی هەر شکستە!

دەرەنجام: بە هەموو پێوەرێک گەیشتم بە خاڵی "بنبەست، کۆتایی و نەگەڕانەوە" لە پشتگیریم بۆ بزاڤی گۆڕان، واتە ئەو پشتگیرییە لە بزاڤی گۆڕان **تا ئێرە و بەس**.

بورهان أ. یاسین

سوید، ٢٠٢٠/١/٢

---

تێبینی: تکایە هیچ پێگەیەکی میدیایی یا لایەنێک بۆی نییە ئەم راگەیاندراوە لە پێگەی ئەلکترۆنی خۆی یا لە هیچ ئامرازێکی میدیاییدا بڵاو بکاتەوە. بەڕێزان لە فەیسبوک ئازادن لە بەشکردنی ئەم راگەیاندراوە وەک خۆی، واتە بە ئاماژە بە لینکی راگەیاندراو لە ماڵپەڕی کەسیمدا:
www.burhanyassin.com